# هەڵاتن

هۆشەنگ شێخ محەمەد یووسف
(دهۆک)

(تەئەمولێکی دی لە مردن..
پێشکەشە بە سەلام بالایی)

ئەو کاتانەی لە ژیان نزیک ئەبوومەوە من لە مردن
هەڵئەهاتم و
کە لە تۆش نزیک ئەبوومەوە لە تاریکی هەڵئەهاتم
من نە بە پیری پیری و فەوتانەوە ڕۆیشتم و
نەدەستم بۆ باخچەیەک لە باخەکانی ئەم دنیایە درێژ کرد
هەمیشە دەستەکانم لە شتێکەوە ئەکشانەوە
هەمیشە چاوەکانم لە دیتنی بابەتێکا ڕایان ئەکرد
تەماشاکانم و پەنجەکانم هەمیشە لە هەڵاتن لە ساردییەوە
گەرم ئەبوون
ڕۆحم هەردەم بە هەواوە بوو تا لە خاکەوە دووربێت و
هەردەمیش پێیەکانم لە بۆشاییەکانی ئەم عەردەدا ڕایان
ئەکرد و لە شوێنێک نەگیرسانەوە
من لە خواو لە ئازادی و زۆر شتی ڕام ئەکرد و گەیشتمە
باوەشی تۆ
من لە خەونەکاندا ڕام ئەکرد و تووشم بوو بە نووسین
من لە وشەکاندا هەڵئەهاتم و لە خوێندنەوەکاندا گیر بووم
ژیان هەڵهاتنە
چوونێک، نەچووم بۆ ئەو چوونە
ڕاکردنێک، نەمکرد بۆ باوەشی گەرمی وشەیەک، یان
ژنێک، یان دنیایەک
ژیان لەوە سەیرترە بتوانیت تێیدا بە مەرگ بڵێیت
زەحمەت نەبێت ئەم باخەم لێ مەشێوێنە
ئەم پیاسەیەم پێ تێکمەدە
ژیان لەوە زەحمەتترە گوێت بداتێ و پێی بڵێیت
قوربان دەلیگەڕێ با شیعرێک بۆ جوانی بنووسرێت و
هەڵاتن نەبێت لە کرێتی؟
دەبا خەونێک ببینم بە ئازادی و لە ڕقی زنجیرەکان
نەبێت؟
دەبا گۆرانییەک بڵێم و بۆ ئەوە نەبێت بێدەنگی پێ
بشکێنم..
دەبا خۆم بم.. وەک ئەوە نا کە لە خۆمدا ون بم، یان ببم
دەلێم گەڕێ با ساتێکی پڕ تەئەمول نەبێتە هەڵاتن لە
تورەهاتی
دەبا ماچێک نەبێتە هۆیەک بۆ بەردەوامی نابووتییەکان
چەند جوان ئەبوو گەر نووسیبام من بۆ هیچ نانووسم و
لەبەر هیچیش نانووسم و با هیچیش منەت نەکا بە
وشەیەکم و وشەشم منەتێ نەکا بەسەر هیچا..
چەند جوان ئەبوو کە ماچم ئەکردی ئەوەم لە خەیاڵ نەبا بۆ
ئەوەی نەمرم ماچت ئەکەم



بۆ ئەوەی کۆیلە نەبم ماچت ئەکەم
بۆ ئەوەی ماچت بکەم ماچت ئەکەم.. بۆ ئەوەی مرۆڤ بم
و باخچە بم و شەوق بدەم ماچت ئەکەم؟
ئای کە سەخیفە ئەو ئازادییەی زنجیرەکانم لا ناشیرین و
تەفروتوونا و بێ مانایەکی جوان ئەکات
ئای کە بێزارکەرە ئەو خۆشەویستییەی لە ترسی مەرگ و
لە ناوچوونی پیاسەکان و پاسارییەکان و ئەم دنیایە
ڕایەڵەکانی خۆی ئەخاتە ناو ڕۆحمەوەو لە بنمەوە تا
سەرمەوە ئاوسم ئەکات بە ترس لە فەوتانی خەونێک..
مەرگی سنۆبەرێک.. تێکچوونی جێژوانێک.. خراپی
گۆرانییەک.. لەنگی ڕووبارێک و ڕەشبوونەوەی
ڕەنگێک و
دڕانی کتێبێک و فرمێسکی ئاڵی، یان ڕەشی ئەزیزێک
و....
ئای... ئەزیزبوون، چ گرفتاریەکی گەورەیە و گەورەبوون
چ گرفتاریەکی ئەزیزە..؟
من تێناگەم بۆ ئەبوایە کاروانی من هەمیشە ڕاکردن بێت
و بە پیرچوون نەبێت؟
من لە ئێوە هەڵدێم و شیعرتان بۆ ئەخوێنمەوە..
من لە ئێوە هەڵدێم و تریفە ماچ ئەکەم
من لە ئێوە هەڵدێم و بە سەلمان کۆڤلییەوە ئەگەم
لێ ئێوە و تریفە و ئەم دنیایەش، ڕامانێکن لە
هەڵاتنەکانم
من بەرۆحمەوە دیارە شیعریشم هەڵاتنە لە مردنم..
من خوێندنەوەشم هەڵاتنە لە مردنم
ژیاندۆستی و عەشقدۆستی و خۆشەویستم هەڵاتنە لە
فەنابوون
من پێش ئەوەی لەسەر خوانی جوانی ئێوە کۆببمەوە.. لە
تاریکییەکەوە هەڵاتووم
پێش ئەوەی بگەمە ڕووباری ڕەنگی ئێوە من لە
کابووسێکەوە هەڵاتووم
پێش ئەوەی بگەمە ماڵی ئێوە من لە زیندانی
شەقامێکەوە هەڵاتووم
من هەڵاتووم لە خۆم و لە ڕۆح و هەبوونی خۆما.. ئنجا
بە قسە گەیشتووم
من هەڵاتووم لە خوا و کتێبەکانی ئنجا بە تۆ گەیشتووم
من هەڵاتووم لە ئازادی و وەهمەکانی، ئنجا بە حەقیقەت
گەیشتووم
من هەڵاتووم.. لە مەرگ و فەنابوونەوە.. ئنجا بە ژیان
گەیشتووم

٢٠٠٥/١/٨